پشکنینی نهێنیەکانی خۆسوتان

مەجید عەزیز

بەشی دووەم

بۆ نمونە، هیربیرت هیندن لە کتێبەکەیدا (خۆکوژی لە ئەمە ریکادا) لە ساڵی هەشتاودودا نوسراوە، سەبارەت بەمە دەڵێت" ژن لەگەڵ تۆزێک قابلیەتیدا بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ دوژمنکاریدا/ Aggression، ناتوانێت تەحەمولی ئەم جۆرە ئیهانەکردنە بکات چیدی لەگەڵ ئەوەدا دەمێنێتەوە ئەوانی تر بکوژێت یان خودی خۆی بکوژێت" هەرچەندە ژنی کورد تەنیا خۆی دەکوژێت (یان خۆی دەسوتێنێت)، جارێکە نەگەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی بکرێت ئەوانی تریش بکوژێت لەگەڵ خۆیدا. ئەمەیش، بێگومان پەیوەستە بە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە، کە لێرەدا بازی بەسەردا دەدەم، کە جەوهەریترینیان ئەوەیە، ئیندیڤیدوالیەتی (کەس) بەو شێوەیە سەربەخۆ و کامڵ نیە جارێکا لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا بەگشتی. مۆدێرنبوونی کەس لە ناسینەوەو شوێنپێکانی خودی خۆیدا وەکو بوونی سەربەخۆ ڕەگەزێکی گرنگە.

بە لای نیتشەوە، ئەم بیرۆکەی خۆکوژیە، بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەوایەتی هەڵدەگرێت، وە ئەمەیش گرنگە بە لای منەوە. بێگومان، ڕەوایەتیەک هەیە لە خۆکوژیدا، بەڵام هەرچەندە ئەم ڕەوایەتیە، تەنیا لە ئاستی ڕەوایەتی ئازارە گەورەکانی (تاکخوازیدا) یەکانگیر دەبێتەوەو فەراهەمە. بەڵام ئایا کێشەیەک لێرەدا دروست نابێت، کە ئەگەر خودی بڕیاردانی خۆکوژی بە تاکخوازیەوە ببیندرێتەوە، وە لە هەمان کاتیشدا بوونی سەربەخۆیی و فۆرمی ئەو ئیندڤیدوالیزمە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر بە تۆکمەیی نەبێت؟ ئایا ئەم کردارانە چۆن دەبن و ڕوو دەدەن. یان تەنیا دەبێت وای ببینین، کە ئەم قوربانیانە وەکو کەسی سەربەخۆی بیریان لەم کرداری خۆکوژیە کردۆتەوە، بەهەرحاڵ، ئەم دەروازەیە بە کراوەیی بە جێدەهێڵم .

بەهەرحاڵ، نیتشە ڕەوایەتی بەم دیاردەیە دەدات، چونکە تەنانەت" لە پێش فرویدشەوە، نیتشە ئەوەی ناسیوەتەوە، سزادان دەتوانێت کاریگەری هەبێت بۆ سەر ئیندیڤیدواڵ، تەنانەت وەکو پاساوێکیش بۆ تاوانکردن "ئەم دەربڕینە، لەبەر ئەوەی هەڵگری بارە کۆمەڵایەتی/ سایکۆلۆژیەکەیە پێکەوە. ئەم تێفکرینە لەو جیهانبینە کۆمەڵایەتی-سایکۆلۆژیەدا بۆ ژنانی کورد بەکاردێت لە ڕەوایەتیکردنیاندا بۆ خۆکوژی، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕوویش لە تەنیا قوربانیدانی قوربانیە کە بپۆشین. چونکە، خۆکوژی ژنانی کورد، ڕاستە ئەوانی تری نەکوشتوە، بەڵام لە کاردانەوە ی تەواوی ئیهانەکاندا، ناتوانێت بمێنێتەوە لەبەردەوامی خۆیدا. وە بەرگەی مردنێک ناگرێت کە هەمو ڕۆژێک تیایدا بۆ خۆی دوبارەی دەکاتەوە لەناو پەیوەندیەکانیدا بە سیستەمەوە.

وە لەبەر ئەوە، خۆی دەکوژێت،کەواتە وا فۆرمولە دەبێت کە سیستەمە کە دەیکوژێت. من نامەوێت، ڕەوایەتی بەمە بدەم بەو شێوەیە، بەڵام ئەوەی کە ڕەوایەتی لە ئاست ئەم قەیرانە دروستدەکات، خودی جیهانی ئایینزاو تەنانەت (خودایە) وەکو کۆدی ئەخلاقی،گوایا مرۆڤ هەرگیز هەق نیە لە فەرمان و ئۆردەی (خودا) بچێتە دەرەوە.

لەبەر ئەوەی (خودا) و (مۆرالێتی) لە دەرەوەی ئەم قەیرانە زۆر گەوریەدان، بە شێوە فەلسەفیەکەی، چیدی ئەم دیاردەیە،جۆرێک لە ڕەوایەتی بە خۆی دەدات، یان وامان لێدەکات هەرگیز تەماشای بەرزایی نەکەین لە بۆ بەزەیی و ئامۆژگاری و شتی لەم جۆرانە. ئەم ڕەوایەتیە، خودی قەیرانەکە هەڵگرێتی، سروشتی ڕووداوە کە پاساوەکەیەتی، ڕەوایەتیەکی تەواوەتیە بۆ بەدواداچونی قەیرانەکە لەناو خێزان و کۆمەڵگادا،کە دەبێتە ئاماژەیەکی ڕۆشنگەر، لێرەدا بە لای منەوە، چیدی ماف و ڕەوایەتی هەلومەرجی ژنەکانە، داوای ئەو ڕەوایەتیە بکەن، وە لێرەدا دیارە مەبەستمان لە (مردن) نیە. بەڵکو مەبەستمان لەوەیە، کە مردنەکەی لە جۆری ئەو خۆکوژیەدا نۆرماڵکردوە. وە بەمەیش، داوای گۆڕانکاری ژیان و بون دەکات لەناو ئەو شوێنەدا، کە ژنانی تیادا دەژین و کاردەکەن. یان ئەلبێر کامۆ، بەشێوەیەکی تر تەعبیر لەمە دەکات، دەڵێت" ئاکام و ئەنجامی یاخیبون، بەپێچەوانەوە، دەیەوێت شەرعیەتی بەخشین بە کوشتن ڕەتبکاتەوە، چونکە یاخیبون لە پرانسیپەکانیدا مانگرتنە لە مردن" ئەگەر ژنان، کە خۆیان دەکوژن یان دەسوتێنن، لەبەر ئەوە دەگەنە ئاکام و ئەنجامێکی بەو شێوە زۆر تراژیدیە، کە لە ڕاستیدا پێچەوانەکەیەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگایەکی تر نامێنێتەوە بۆ نمایشکردنی فۆرمی یاخیبونەکە، یان دەنگهەڵبڕینەکەیان، چیدی خۆکوژی دەبێت بە خودی مانگگرتنەکە، ئەمەیش دەبێتە کۆی پرۆسەکە لە ژیاندا. بەڵام مانگرتنی ئەم خۆکوژیەی ژنانی کورد، بە خودی(مردن) کۆتایی دێت. واتە لێرەدا مانگرتنەکە، لە ئاستە زۆر خودگەراکەیدایەتی، هەرچەندە فینۆمینایەکی کۆمەڵایەتیە لە سروشتیدا، بەڵام کۆمەڵایەتیبونی قەیرانەکان هەرگیز ناشبێت لە دەرەوەی کاریگەریە سایکۆلۆژی و تاکە کەسیەکان تەماشا بکەین. بڕیارێکی تاکخوازە لەکردنیدا، بەڵام لەناو ناسینەوەی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی گشتی یەکانگیرە، چونکە، هیچ شتیک بۆ خۆی ناهێڵێتەوە لەناو ژیاندا، هیوای نەک بە(خۆی)، بەڵکو هیوای بە (کۆمەڵگا) و تەواوی دەوروبەرەکەیشی نامێنێت، لەبەر ئەوەیە خۆی دەکوژێت.

بە هەستێکی تریش، هەلومەرجێک هەیە، بە ئاکام و ئەنجامی ئەو خۆکوشتنەی دەگەیەنێت، کە لە ڕاستیدا ئەوە فۆرمی پێشکەشکردنی یاخیبونەکەیەتی لەناو جیهاندا. بێگومانم لەوە، کە خۆسوتانی ژنان، گەورەترین تراژیدیایە، بەڵام مانیفێستی یاخیبونەکانیشانە لەبەردەم سیاسەتی ستەمکاریدا. ئەگەر ئەمە فۆرمی یاخیبون بێت، ئەوا بە دیوێکی تردا، ئەوە هەڵبژاردنی مەرگە دەبێتە فۆرمێک لە ئازادی. یان، کامۆ دوبارە دەڵێت" مرۆڤ هەرگیز نایەوێت بمریت تەنیا لەبەر خاتری ئازادی نەبێت، لەبەر ئەوە هەرگیز باوەڕی بەوە نیە بەشێوەیەکی تەواوەتی بمرێت" بێگومان، وە هەمان دەربڕین، بۆ هەمو جۆرە مەرگە پیرۆزو ئایدۆلۆژیەکان ڕاستدەکەوێتەوە، چونکە گەیشتن بەو ئاستە لە ئازادی،گەیشتن بەو ئاستەیە لە پێش وەختی بیرکردنەوەو بڕیاردان بۆ خودی جۆرە مردنێک، کە دەبێت بە لە بریدانانی ئەو ئازادیە.

دیارە من، ئەم دەربڕینە، تەنیا لە کۆنتێکستی بابەتەکەمدا بەکارهێناوە، واتە ژنانی کورد، کە خۆیان دەکوژن لە کرداری خۆسوتاندندا، وەکو بڵێی لە نێوەندێکدا داتبنێن و نەزانیت چۆن باس لە قەیرانەکە بکەیت، و نەشزانێت چۆن بڕیاری لەسەر بدەیت. ئەم کردارە چەند ئاڵۆزو تەماویە، هێندەیش بەرگەگرتنی نوسین لەسەری گرانە. واتە چیدی باشەو خراپەو ئەم جۆرە وەڵامانە ڕە نگە هیچ کەڵکێکی ئەوتۆیان نەبێت. ئەوەی دەوترێت، تەنیا بریتیە لە شتێک لە دوای قوربانی و مردنەکانەوە. لە خۆڕا ئەوە ناکەن، هەرچەندە مانیفێستکردنی مردنیشە بە ئاستە زۆر ڕەهاکەی، وە لە هەستە نیگەتیڤەکەیشیدا، ئەگەر وابڵێین. بەڵام ئەم خۆکوژی و خۆسوتاندنە، هەرگیز ئیمۆرال نیە، وەکو چۆن ئاینزاکان تەماشای قەیرانگەلی بەم شێوەیەیان کردوە لە ڕابوردو و ئێستاشدا. چونکە ئەوان بە دژایەتیکردنی یاساکانی (سروشتی) دەزانن، یان بە دژایەتیکردنی سەروەری(خوداوەندی) دە بیننەوە،کە نابێت خۆکوژی لەبەرخاتری (خودگەراییدا) ئەنجامبدرێت. بەڵام ئەگەر ئەم ژنانە، هێندە بە بێسڵەمینەوە، وە بە بێترس خۆیان بسوتێنن، ئایا چۆن باس لەو ئازایەتیە بکەین لەبەردەم کایە ڕۆشنبیریەکەدا بۆ بێدەنگ نەبون و دەنگ هەڵبڕین و مانگرتن، بەڵام نەک لە فۆرمە خۆکوژیەکەیدا؟ بەڵکو لە ئاستێکی دیدا، کە مردن نەبێتە بەدیل، چونکە خودی خۆکوژیەکان بەڵگەن بۆ هەلومەرجێک کە ڕازی نەبون و کۆیلە نەبونی ناو پەیوەندیەکانە بە گشتی(خێزان و کۆمەڵگا)، یان بەڵگەن بۆ هەمو ستەمکاری و چەوساندنەوەیەکی هەمەجۆرە لەناو ئەو شوێنەدا،کە ڕێگاخۆشکەرە بۆ دارزانی سیستەمی سایکۆلۆژی ئەو مرۆڤەی بەو جۆرە بڕیاری خۆسوتان دەدات. هەر ئەمەیشە دەتوانم بە بیرکردنەوەی (ئیمیل درۆکهایمەوە) گرێی بدەمەوە، لە ئاستی ئەم قەیرانەی ناو کۆمەڵگای ئێمەدا. چونکە بۆ نموونە، درۆکهایم نیگەرانیەکی زۆری هەیە لەبەردەم کۆمەڵگای مۆدێرندا، یان باشتر بڵێم لەبەردەم خێزان و کۆمەڵەی (پرۆتستانت)، چونکە خۆکوژیەکان لەناو خێزانە پرۆتیستەکاندا زیاد دەکەن. بەڵام لە کاتێکدا هەلومەرجی خێزانی (کاتۆلیکەکان) بە پێچەوانەیە، وە خۆکوژی کەمتر ڕودەدات لەناو ئەواندا. بەڵام ڕەنگە ئەوەی لەناو بۆنەد و (پێکەوەیی توند) یەکێتی کاتۆلیکەکاندا جەوهەری بێت، درێژەدانیش بێت بە سیاسەتی سێکسوالیتەی پیاوسالاری و هەروەها مانەوەی فۆرمەکانی بێدەنگی و ستەمکارییش!!! بەم لێکدانەوەیە بێت، خۆکوژی ژنانی کورد لەو بەراوردکردنە خێرایەی سەرەوەدا، هێمایە کە نەک هەر بۆ نارازیبون، وە هەروەها ئاماژەیەکیشە، بۆ گۆرانەکان لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، بەڵکو تەواوی پێچەوانەی بێدەنگی ستەمکاریەکەیانە لە ژیانی ڕۆژانەدا. وە بە لای منەوە، دیاردەی خۆکوژی و خۆسوتاندنی ژنان، لەبەر ئەوەی لە سنوری چەند ڕوداوێکی کەم دەچێتە دەرەوەو بۆتە فینۆمینۆیەکی دیارو زەقی ناو کۆمەڵگای ئێمە، لەبەر ئەمەیە کە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کۆمەڵگایە هیوا و جیهانبینی زۆری هەیە بۆ خۆکردنەوەو مۆدێرنبون. بەڵام تەواو بەپێچەوانەوە، بەپێچەوانەی نیگەرانیبون لە هەلومەرجەکانی مۆدێرنە، بەڵکو لێرەدا نیگەرانی بون لەبەردەم خۆنەکردنەوەو ڕێگەپێنەدانی ئەو هەلومەرجەیە لەناوخۆیدا.

بە پێچەوانەی کارکردنەوە مەبەستمە، چونکە خۆکوژی کارکردنێکە لەناو پرۆسەی بەجێهێشتندا. بەجێهێشتنی دونیاو هەمو شتێکیش. چونکە، بونی ژنان لەبەردەم شکاندنەوەی دەسەڵاتی خۆکوژیدا، دەتوانین بەراورد بکەین بەداواکردنی دەسەڵاتی دیموکراسی لەناو خێزان و کۆمەڵگاشدا. بۆ نموونە وەکو پیاوان بژین و ئازادبن، یان داواکردنی فەزایەکی کراوەو میوتال لە شوێندا بۆ تەواوی بەشداریکەرەکانی. بە هەرحاڵ، ئەم هەستە زۆر ئاڵۆزەی مرۆڤ بۆ خۆکوژی، دوبارە بەلای ئەلبێرکامۆ وە، لەگەڵ کردنەوە ی ئەفسانەی سیزیفدا بەم جۆرە پێناسەی دەکات، ئەویش لەبەردەم فەلسەفەدا "تەنیا یەک قەیرانی ڕاستەقینەی فەلسەفیانە هەیە، ئەویش خۆکوژیە، بڕیاری ئەوە بدەین کە ژیان بەڕاستی شایستەی هەڵکردنە یان ژیان شایستەی هەڵکردن نیە، وەڵامدانەوەی فەلسەفەیە بەشێوە زۆر فەندەمەنتاڵەکەی" ئەگەر ئەمە ئەرکی فەلسەفە بێت، وەکو شێوەیەکی جەوهەری بۆ ئیشکردنی لەناو کایەی خۆکوژیدا، ئایا ئەم قەیرانە بۆ خۆی، خۆی ناسەپێنێت بەسەر بیرکردنەوەدا؟ وە نیتشە لەیەکێک لەکتێبەکانیدا دەڵێت "هەستێک لە ڕەوایەتیکردن هەیە کە بە جۆرێک مرۆڤی لێبێبەش بکەین، بەڵام هەرگیز بێبەشی ناکەین لە مردن" بیرمان نەچێت، زۆرینەی هونەرمەند و شاعیرو فەیلەسوفەکان هەڵگری گیانێکی خۆکوژین بە گشتی لەناو جیهاندا. (بۆدلێر، دیستۆفیسکی، مارکیزدیساد، مارالوکس، سێرغی یەسەنین، ولیام جەمیس، شۆپنهاوەر،کیرکجارد، ڤانکوخ. ڤیرجینیا وۆڵف، سافۆی ژنە شاعیری یۆنانی کۆن، وە زۆری تریش. بە هەرحاڵ، بێدەسەڵاتی، یان ترسنۆکی، نەبونی مۆرال لەهەستە ئاینیەکەیدا، ڕەنگە ئەمانە هەمو لەناو ئەم کێشەیەدا کۆببنەوەو پێویستیان بە قسەکردن بێت، بەڵام لە دواییدا، تەواوی ئەم شتانە لەناو خودی ئەو (تاکە کەسەدا) کۆبونەتەوە، وە ئەوە تاکە/ ئیندیڤیدواڵ کە بڕیاری ئەو خۆکوژیە دەدات و خۆی مەحفەدکاتەوە. چیدی بەستنەوەی ئەم تاکە بەکۆمەڵێک هۆکاری واوە، کە بیکاتە بونەرێکی باشتر، ئازاتر، بە دەسەڵاتتریش، ئاسمانی ترو ئاینی تر، ڕە نگە بۆ خۆیان هەمیشە ببەسترێنەوە بەکاردانەوە کۆمەڵایەتیەکەوە بۆ سەر بونیادە دەرونیەکەوە، یان کاردانەوە بن لە ئاست ئەخلاق و سیاسەتی ئایندا. چونکە، بە تایبەتی، ئەوەی من دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم، خۆکوژی ژنانی کوردە، وە ئەمەیش بە هەمو شێوەیەک لە دەرەوەی هەستە ئاینی و پەیترایارکیەکەیدا نیە و نابینمەوە . واتە دەتوانم بڵێم، فینۆمینۆی خۆکوژی ژنان، بۆ خۆی پە یامێکیشە بەرەو گۆڕانکاری کۆمەڵگا بە دیوە زۆر پۆزەتیڤەکەیدا، وە تەنانەت هەڵگری دیدێکی ڕۆشنگەرانەیە بۆ خۆی، چونکە ئاماژەیە بە کۆمەڵگایەکی داخراو و کۆیلە و دواکەوتو. چونکە ئەوە، ژنانن دێن و خۆیان دەبەخشن و خۆیان دەکەن بە قوربانی لە پێش هەمومانەوە، وە ئەوانن، دەبنە سیمبول و ئاماژە بۆ کردن لە کۆمەڵگایەک شایستەی زیندوان نیە، بەڵکو دەبێت ئاستەکانی نە هیلیزمی مرۆڤ کاریگەر بێت تیاداو بتوانێت بونی خۆی بڵێت، نەک لەناو پاسیڤێتی و بێدەنگیدا بمرێت.

من وایدەبینم ، ئەم قەیرانە، ڕاستە بارگاویە بە سایکۆلۆژیای مرۆڤێکەوە کە بڕیاری خۆکوژی/ خۆسوتان دەدات، بەڵام کاریگەریەکەی بۆ خۆی خودی (فاکتە کۆمەڵایەتیەکانن،کە کاریگەری سایکۆلۆژی چڕتر دەکەنەوە لەسەر مرۆڤ و ژنان بە تایبەت). وە بە راوردکردنی کۆمەڵگای ئێمە بۆ کۆمەڵگا پیشەسازی و مۆدێرنەکان، نالێم هەڵەیە، بەڵکو ڕەگەزو تایبەتمەندێتی قەیرانەکە جیاوازە دەکەوێتەوە، بەڵام خودی ئەو بەراوردکردنە،کارێکی باشیشە لە لایەنێکەوە، بۆ نمونە، ئەو جیاوازیەی کۆمەڵناسێکی وەک ئیمیل درۆکهایم لە نێوان خێزانی کاتۆلیک و پرۆتیستانت دەیکات، ڕەنگە وەکو ئانۆلۆجیەکیش بەکاربێت لە نێوان کۆمەڵگا مۆدێرن و نامۆدێرنەکاندا. بیرمان نەچێت، ئەم کاتیگۆرەیە زۆر بە شێوەیەکی گشتی ناو دەهێنم. بەڵام، دەشتوانین لە هەستێکی گشتیدا تەماشای ئەم خۆکوژیە بکەین، کە هەستەکانی مرۆڤە لە چوارچێوەی بێزاربون و ڕەشبینی و میلانکۆلیدا،و تەنانەت بوغزو توڕەیی و تۆڵەسەندنەوەیشدا ببینینەوە. بۆ نمونە بە دوبارە کۆمەڵناسی وەک ئیمیل درۆکهایم لە کتێبەکەیدا Suicideتەواوی کێشەی خۆکوژی لەبەرزبونەوەی ژمارەکانیدا/سیستیماتیکدا دەباتەوە بۆ هەلومەرجی مۆدێرن و گۆڕانی کۆمەڵگا بەرەو پێشەوەو دابڕانە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە لەناو کۆمەڵگای مۆدێرنەدا تاکەکان ئازادترو عەقلانیتر دەبن، واتە بەدیوێکی تری ئەم باسەدا، تاکەکان بێسۆزتر دەبن بەرامبەر یەکتری. وە ئاماژەی زۆریش بە هەلومەرجی شوێن و جوگرافیایش دەکات. بە جۆرێک لە جۆرەکان، فۆرمی خێزان و کۆمە لگا لە سروشتی کۆشوناسیەوە دەپەڕێتەوە بۆ خودشوناسیەکەی، ئەمەیش هەلومەرجێکی زەق و جیاوازە لەبەردەم سروشتی مرۆڤدا. بۆ نمونە، درۆکهایم جیاوازی سەرەکی لەنێوان خێزان و کۆمەڵی پرۆتستانەکاندا بۆ کاتۆلیکەکان دەکات، وە ئاماژە بە کەمی ڕودانی خۆکوژیەکان دەکات لەناو کاتۆلیکەکاندا، وە زۆری ڕودانی خۆکوژی لەناو پرۆتیستانتەکاندا. ئەمەیش هۆکاری پێکەوەیی و پابەندبونی کەسەکان لەناو خێزانی کاتۆلیکدا بە مۆرال و ئاینەوە زیاتر لە پرۆتیستانتەکانە گرێدەداتەوە. بە مانایەکی تر، نیگەرانی درۆکهایم ئاشکرایە، مامەڵەکردنێتی لەگەڵ جیهانی مۆدێرنەدا، کە پرانسیپەکانی ئاین و مۆرال و نۆرمەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا سیکیورال دەبن. کاتێکیش، فەزای نۆرم و ئاینزایی و مۆرال گۆڕانی بە سەردا دێت، چیدی ئەوەی پەرە دەسێنێت،فەزا ئیندیڤیدواڵیزمەکەیە لەناو کۆمەڵگادا. (وە ئەوە ڕاستی زۆری تیادایە، چونکە لە ئێستادا، دیاردەی خۆکوژی لە ڕۆژئاوادا بەگشتی لە ڕادەی بەزردایە). بە جۆرێک، کە ڕەهایی و نرخ و بەهایان وەکو جاران نامێنێتەوە، ئەمەیش بەربڵاوی فەزای ئیندیڤیدواڵیزم دەخاتە پلەیەکی تر و جیاوازەوە، و ئەنجامی تاوان و خۆکوژیەکان زیاتر دەبن. تەنانەت بۆ درۆکهایم، چونکە لەناو سیستەمی کۆلێکتڤدا، ئەگەر فەزای ئیندیڤیدوالیزم لاواز بیت، ئەوا مەترسی و دڵەڕاوکی و خۆکوژی کەمتر دەبێت، بەڵام ئەمەیش هەڵگری ئیشکالە.